بەگوێی 3.7 پلە بومەلەرزەیەك لە پێنجوێن رویدا

ئێوارە ئەمڕۆ چوارشەممە بومەلەرزەیەك بەگوێی 3.7 پلە بەپێوەری رێختەر لە سنوری قەزای پێنجوێن رویدا و لەلایەن بەشێك لە هاوڵاتیانەوە هەستیپێکرا.

بەبەگوێرەی زانیاریەکانی ئا ژانسی بومەلەرزەزانی، بومەلەرزەکەی ئێوارەی ئەمڕۆی سنوری پێنجوێن 22 کیلۆمەتر لە شاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دوربوە.

پشتیوان ئیبراهیم شارەزای بواری کەشناسی رایگەیاندوە، "لە کاتژمێر 05:38ی ئێوارەی ئەمڕۆ بومەلەرزەیەك بە بەگوێی 3.7 پلە ڕێختەر لە قوڵایی 10 کیلۆمەتر ئاستی ژێر زەوی رویدا کە چەقەکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بو لە ناوچەی چنارە.

باسی لەوەشکردوە، دوری بومەلەرزەکە لەقەزای پێنجوێنەوە 31 کیلۆمەتر و لەشاری مەریوانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە 22 کیلۆمەتر بوە.